# بەیانامەی سیاسی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە سەبارەت بە هەڵ و مەرجی خەباتی سیاسی چینایەتی لە ئێران و لە کوردستان

کۆمەڵگای ئێران تینوی ئالوگۆر و وەرچەرخانە و گەلێك بەرەوڕووبوونەوەی سیاسی و چینایەتی لە کۆمەڵگایەدا، بەڕێوەن. جارێکیتریش پەرەوەندی دەسەلاتی سیاسی لە ئێران، لە بەرانبەر چینەکان و مەیلە کۆمەڵایەتییەکاندا، کراوەتەوە. بەشەکانی جۆراوجۆری بورژوازی ئێران و ڕژیمی ئیسلامی بە هەموو تواناوە هەول دەدەن کە ئەزمەی سیاسی ئیستای ئێران بە قازانجی خۆیان چارەسەر کەن.

ژیانی کرێکاران و خەڵکی دەس تەنگ و کەم داهاتی ئێران لە ئەوپەری دژواریدا بەڕێوە دەچێ. بەردەوام ژمارەیەکی زۆرتر لە ژنان و پیاوانی کرێکار دەچنە ناو خیلێ بیکارانەوە. ژیانی زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵە کرێکاریەکان لە ژیر "ئاستی هەژاری" دایە. رادەی نەداری و بیدەرەتانی چینی کرێکار لە ٤٠ ساڵی رابردوودا، بێوینەیە. ژنانی ئێران لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەروا لە کوت و بەندی یاسای ئیسلامی و پیاوەمەزندا، یەخسیر کراون و بۆ وەدست هێنانی سەرەتاییترین مافی خۆیان، دەبێ هاوکات لە چەندین سەنگەردا خەبات بکەن. لاوانی ئێران، هەرچەشنە ئازادی و فەرهەنگی شارستانیانە و پێشکەوتوویان لێ قەدەغە کراوە و بێکاری ئاسووی ژیانی دوا ڕۆژیانی لێل کردوە. بەهۆی ئەم هەڵ و مەرجەوە و لەگەڵ قووڵتر بوونەوەی کەلێنی نیوان چینە کۆمەڵایەتیکان، گەلێك دیاردەی دزیوی کۆمەڵایەتیتریش سەریان هەلداوە. دزی، ریشوەت خواردن و گەندەلی سەرتاپێی سیستمی ئیداری ئێرانی گرتۆتەبەر. گیرودەبوونی لە رادە بەدەر بە مەوادی موخەدر، ژمارەی روو لە زیادبوونی منالانی بیسەرپەرەست، پەرە گرتنی فەحشا، ئەوانە بەشێك لە گیروگرفتە پڕ ئیش و ئازارن کە کۆمەڵگای ئێرانیان داگرتۆە. سەرچاوەی هەموو ئەم بیمافی و بیبەشیانە، لە نیزامی سەرمایەداری زال بەسەر ئەم کۆمەڵگایە و سەرخانی ئیدئولوژێك و مەزهەبی ئەو نیزامەدایە.

لە جەرگەی رەوتی جیهانگیری سەرمایەدا، بورژوازی ئێرانیش وەکوو هەموو شوێنێکی دیکەی دونیا بەرژەوەندی ئەمرۆ و داهاتووی خۆی لەوەدا دەبینیتەوە کە رێنوینی ناوەندەکانی نێونەتەوەیی مالی و پوولی دونیا بەکار بهێنی و خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئابووری "نئولیبرالی"دا ڕێك بخات. ئەمرۆکە کۆماری ئیسلامی هەول دەدات ئەم روەتە خیراتر بباتە پێش و بە ڕێگا خۆش کردن بۆ هاتنی سەرمایەی خاریجی و بەکارهێنانی هێزی کاری هەرزان لە ئێران، ئەزمەی ئابووری ئیستای ئێران کۆتایی پێبێنی و لە

راستی‌دا ئەو ئەزمەیە بە قیمەتی هەژاری و رۆژ رەشی زۆرتر بۆ چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکیش، تێپەر بکات.

بەڵام کۆماری ئیسلامی و سەرجەم بورژوازی ئێران بۆ بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە لەگەڵ گەلێك گیروگرفت بەرەوروون. ئەوان لە لایەکەوە دەبێ خۆیان لە مەترسی شۆرشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی رزگار کەن و لە لایەکی‌تریشەوە سەرخانی ئیداری و حقوقی و فەرهەنگی و قەزایی، گۆنجاو لەگەڵ بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیان، سەرلە نوێ رێك خەنەوە. بزووتنەوەی ئیسلاحاتی سیاسی کە بورژوازی ئیران لەژیر دروشمی "کۆمەڵگای مەدەنی" و "دەسەلاتی یاسا"دا خستویەتە رێی، بۆ ئەوەیە کە ئەم کەند و کۆسپانە لابدات و رێگا بۆ بورژوازی ئیران خۆش بکات هەتا لە بەرێوەبەرایەتی دەزگای سیاسی ئێران و لە بریاردان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا چالاکانە بەشدار بێ.

چینی سەرمایەداری ئێران بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوو هەوڵی داوە کە ئەم ئاڵو گۆرانە بە قازانجی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی ئێران دا پێك بێنێ. یەکەم جار لەسەرەتای ئەم قەرنە و لە دەورەی شۆرشی مەشروتیەت دا، بەهۆی لاواز بوونی بناغەی ئابووری نەی‌توانی ئەم ئامانجەی خۆی بەدی بێنی و سەرئەنجام تەسلیمی دیکتاتوری رەزاشا بوو. لە دەورەکانی دواتر دا، پێش هەر موو شتێك بەهۆی سیاسی و ئەزمەی شۆرشگێرانە لە ئێران نەیتوانی ئەو راسپاردە چینایەتی‌یەجێ‌بەجێ بکات. ئەمرۆ کەش سەرمایەداری ئێران چە ئەو بەشەی کە بەشێك لە دەسەلایی بەدەستەویە و چ ئەو بەشەی کە لە بازنەی برپاردان و دەسەڵات دور خراوەتەوە و چ تەنانەت پشتیوانەکانی لە ناو سەرمایەداری جیهانی‌دا، باوەکوو لە رووی فیکری‌یەوە هیزی باڵادەستی کۆمەلگان و لە چاو رابردوو لە رووی ئابووری‌یەوە گەلیك بەهیزترن، لە هەل و مەرجی ئیستادا قازانجی خۆیان زیاتر لەوە دەبیننەوە کە خۆیان لەگەل رژیمیکی ئیسلامی ئیسلاح کراودا ریك بخەن، نە وەکوو لەگەل شۆرشیکی کۆمەلایەتی بەرەورووبن. بورژوازی بە تەجربە ئەوەی بۆ دەرکەوتۆە کە بە شوین هەر هەلچونیکی شۆرشگیرانە و راپەرینیکی جەماوەری‌دا سەرمایەداران ئەگەر بەتەواوی دەسەڵاتی سیاسیش لە دەست نەدەن، هەتا ماوەیەکی زۆر ناچارن واز لە بەرژەوەندی ئابووری بهینن و خۆیان لەگەل پیویستیەکانی پاراستنی دەسەڵات هاو ئاهەنگ کەن.

سەمایەدارانی ئێران، وڵاتانی رۆژئاوا و هاوچینەکانیان لە هەموو جیهان، نیگەرانی دوارۆژی ئەزمەی سیاسی ئێستای ئیرانن. باوەکوو دەزانن کە تواناییەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێکهاتەی ئێستایەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەنی‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری بەرتەسکە، بەو حاڵەشەوە لەهەوڵی ئەوەدان لە رێگای ئێسلاحی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، ئەو رژیمە بکەن بە رژیمیکی ئاسایی سەرمایەداری لەئێران.

ڕەوتی ناسراو بە "دووی خورداد" ڕێگا چارەیەك بۆ کە دەی هەویست خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی هاو ئاهەنگ کات و بەمجۆرە ئەزمەی سیاسی ئیستای ئێران کونترۆڵ کات و ڕژیمیکی ئیسلاح کراو لە سەردەسەلاًت ڕابگرێ. ئەم ڕەوتە لە یەکەم هەنگاوی خۆەیدا دەبوایە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئیستای ئێران بێنێتە ژێر کونترۆلی خۆی و کارێکی وا بکات کە ئەم بزوتنەوانە لە چوارچێوەی ڕژیمی ئێسلامی‌دا بکەونە شوین داخوازیەکانی خۆیان و بەمجۆرە هەم ئەم ئالو گۆرانە و ئەم سەقامگیریەی کە سەرمایەداری ئێران پێویستی پێیەتی بەدی بێنی و هەم کۆماری ئیسلامی لە مەترسی ڕاپەرینی جەماوەری ڕزگار کات.

دوای تێپەر بوونی ٥ ساڵ ئەم ڕەوتە نەیتوانیێوە ئەرکە سەرەکی‌یەکانی خۆی جێ‌بی‌جێ کات. ڕەوتی "دووی خورداد"، هەم لە لای کۆمەڵانی خەڵك ئیعتباری خۆی لە دەست داوە و هەم نەیتوانیوە توانای‌یەکانی خۆی لەو زەمینەی‌دا بەباڵی ڕاستی ڕژیم بسەلمێنێ. خەباتی کرێکاران بۆ داخۆازی‌یەکانیان پەرەی گرتوە و کرێکاران گەلێك جار لە چوارچێوەی کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەم هێنانیان هاتونە دەرێ و لە سەرشەقامەکان خۆپیشاندیان وەرێ خستوە. کرێکاران بە مانگرتن، وبەبستنی جادەکان، بەخۆپیشاندان، دیواری سانسوری ڕژیمیان تێپەر کردوە و دەنگی عەداڵەت خۆازی خۆیان بە گۆی بیرو ڕای گشتی گەیاندۆە.

خەبات ئازادیخوازانی لاوان لە کونترۆلی ئیسلاح خۆازان چۆتەدەرێ. ژنان هیچ چەشنە تەوهومیکیان بەوە نەماوە کە گۆیا لە ژێر سیبەری یاسای ئیسلامی‌دا وەزعیان ڕوو بەباشی بروات. بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان، سەرە ڕای هەموو هەوڵەکانی ریفورمخۆازەکان بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێری ئەو بزوتنەوەیە لاواز کەن و بەتاقی خەنەوە، هەروا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی درێژەی هەیە.

بالەکانی دەسەلات داری کۆماری ئیسلامی نەدەتوانن وەها ئیسلاحاتێك بەرێوەبەرن کە باری ژیانی پرمەێنەتی کرێکاران و زەحمەتکیشان و زۆربەی حقووق بگیرانی ئێران، سووکتر کەن و لەو ڕێگایەوە بەری تەقێنەوەی نارەزایەتی جەماوەر بگرن و نەدەتوانن بەزەبر و زەنگ نواندنی زۆرتر، جەماوەری نارازی چاوترسین بکەن. ئەمرۆ کە تەنانەت سیاسەت دارێژەران و ریبەرانی بالی ڕاستی ڕژیمیش باسی پێویستی ئیسلاحات دەکەن و لەم بارەیەوە ئەگەر ناکوکێ‌یەك لە نێوان بەرەی ٢ی خورداد و باڵی ڕاست دا هەبی، لە سەر چونیەتی بەرێوەبردنی و خیرایی ریفورمەکانە. قسەیان لەسەر ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە بەشێوەیەك بەرێوە بچێ کە هیچ کەلێن و کەلەبەرێك پەیدانەبێ کە چینی کرێکار و کۆمەلانی بێ بەش بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. پابەند مانەوەی ڕژیم بە ئائینی ئیسلام زەمانەت بکرێ و حورمەتی ڕێبەرانی

ڕژیم نەشکێ. کەوایە چارەنووسی "بەرەی ٢ی خورداد" هەرچی بێ، پڕوژەی ئیسلاحاتی بورژوازی لە کۆماری ئیسلامی‌دا، درێژەی دەبێ.

بەڵام، ڕەوتی ئیسلاحاتی بورژوایی و یان سەردانەواندنی ڕژیمی ئیسلامی بۆ ئەوە ڕەوتە بەمانای پەرە سەندنی دیموکراسی لە کۆمەڵگای ئێران دا نی‌یە. قەرار لەسەر ئەوە نی‌یە کە بە هۆی بەڕێوە چوونی ئەو ئیسلاحاتە، ئیمکانی زۆرتر بۆ بەشداری خەڵك لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان دا برەخسێ. لە پڕوژەی ئیسلاحاتی بورژوایی‌دا جێگایەك بۆ ئازاد بوونی چاپەمەنی سوسیالیستی و کرێکاری، هەڵسورانی ئازادانەی حیزب و ڕێکخراوە سوسیالیسی و کرێکاری‌یەکان لەنەزەر نەگیراوە. کارنامەی مەجلیسی "ئیسلاحاتی٢ی خوردادی‌یەکان" پڕە لە پەسەند کراوی دژی کرێکاری. ئەگەر لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کرانەوەیەك لەفەزای سیاسی ئێران دا دەبیندرێ ئەمە بەرهەمی خەبات لە بەرەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکەدایە کە لە ئەوپەری کیشەکانی ناو دەزگاکانی دەسەڵات دا کراوەتەوە وهەموو دەس کەوتەکانی، سەنگەر بە سەنگەر و بەقیمەتی فیداکاری و سینگ بە گوللەوەنان و نارەزایەتی دەربرین لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوت گەرانەی هەر دوو باڵی ڕژیم دا وە دەست هاتوون.

لەبەرانبەر ستراتیژی بورژوازی‌دا بۆ ئیسلاحی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، چینی کریکار و کۆمۆنیستەکان، سیراتیژیان روخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەرزاندنی حکوومەتی کریکاری و هەول دان بۆ بەدی هینانی کۆمەلگای سیوسیالیستی‌یە. لەبەرانبەر سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاوی بورژوازی بۆ کونترول کردنی بزوتنەوەی کریکاری، بزوتنەوەی گەلی کورد وبزوتنەوەی دیموکراتیکەکانی دیکەدا، بەدیلی ئیمە بریتی‌یەلە خەباتی بی ووچان بۆ ریك خستنی چینی کریکار، پیك هینانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کریکاران، کۆکردنەوە و هان دانی چینی کریکار بۆ بە دەست هینانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوە تەنیا چینی کریکارە کە بە هۆی جیگا و ریگایەکی بابەتی کە هەیەتی و بە هۆی ناوەرۆکی ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانی لەبەرانبەر بەدیلەکانی دیکەی بورژوازی‌دا تا دوا ئەنجام رابۆەستی و ببی بە بربرەی پشتی خەباتی جەماوەری و باقی بزوتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانی دیکە. تەنیا حوزوری ریکخراو و سەربە خۆی چینی کریکاری ووشیار کە بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی ناسیبی، دەتوانی لەسەر شانۆی سیاسی ئیران، خەباتی ژنان، لاوان وباقی تویژە کۆمەلایەتی‌یەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە داخوازی‌یەکانی عادلانەیان بەرەو پیش بەریت. روخاندنی کۆماری ئیسلامی لە روانگەی ئیمەوە پیویستە بە وەها ریگا یەك دا تی پەر بیت.

ئەزمونی خەباتی چینایەتی لە ولاتانی‌تریش نیشانی‌داوە کە حوزوری ریکخراوی چینی کریکار لە مەیدانی کشمەکیشی چینایەتی‌دا، دەتوانی دەس کەوتەکانی خۆی و سەرجەم تویژە کۆمەلایەتی‌یەکانی

تر سەقامگیر بکات و بە پشت بەستن بەو دەس کەوتانە خەباتی خۆی لە دژی چینی سەرمایەدار لە هەموو بوارەکاندا درێژە پێ بدات. کەوایە لەبەرانبەر هەوڵەکانی بورژوازیدا بۆ دامەزراندنی نیزامی ئیداری و دادوەری خۆی و بەشداری راستەوخۆ لەدەسەلاتی دەوڵەتیدا، کە ئەمرۆکە لەژێر ناوی "حکوومەتی یاسا" و "کۆمەڵگای مەدەنی"دا تەبلیغ و تەرویج دەکرێ، لە بەرانبەر هەوڵەکانی چینی سەرمایەداردا بۆ لەباربردنی شۆرش، بەدیلی رادیکال و سوسیالیستیش لە جەرگەی خەباتی سەنگەر بە سەنگەری چینی کرێکار بۆ گەیشتن بەداخوازییەکانی عادلانەی رۆژانەی خۆی و پێک هێنانی رێکخراوەی جەماوەری کرێکاریدا، لە جەرگەی خەباتی ژنان و باقی توێژەکانی ستەم لێکراو و بێبەشی کۆمەڵگادا، هەنگاو بە هەنگاو پوختە دەبێ و توانایییەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەزمەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران، تەکمیل دەکات.

شکل گرتنی بەدیل دیاردە و رەوتێکی کۆمەڵایەتییە. رەوتێکە کە دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگا، یانی سەرمایەداران و کرێکاران و مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکان تێیدا بەشدارن. هەر وەکوو چۆن، سەرمایەداران هەول دەدەن حکوومەتی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیان بێننە سەرکار، کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی پێش کەوتووی کرێکاریش دەتوانن بە هەڵسوورانیووشیارانەی خۆیان زەمینەی پێك هاتنی بەدیلی سوسیالیستی و کرێکاری ئامادە کەن. ئێمە هەموو هێز و توانای خۆمان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاسویە دەخەینە کار.

ئەگەر خەباتی کرێکاران لە حالەتی دیفاعی ئێستای بێتە دەرێ و بە دروشمی روونی چینایەتی بەرەورووی سەرمایەداری بێتەوە و رێکخراوی خۆی بەرپا کات و جەریانی سوسیالیستی لە جەرگەی ئەو خەباتەدا پەرە بستێنێ، ئەگەر ژنانی ستم لێکراو خەباتی خۆیان بۆ رزگای بە خەباتی چینی کرێکارەوە ببەستنەوە و مەیلی سوسیالیستی لە ناویاندا بەهێز بێ، ئەگەر بە میلیونها حقوق بگێری دەوڵەتی، موعەلیمان و کارمەندانی کەم داهات خۆیان بە هاوچارەنووسی کرێکاران بزانن، ئەگەر خەڵکی کوردستان خەبات بۆ لە بەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی و هەموو ستەمکارییەکانی رژیمی ئیسلامی لە خەباتی هاوچارەنووسەکانیان لە هەموو ئێران جیا نەکەنەوە و نەکەونە شوێن گەلاڵە و پرۆژەی سەرمایەداران لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی، ئەگەر ئیعتبار و نفوزی کۆمۆنیستەکان بە بەرنامەی پێشکەوتوو و ئیرادەی شۆرشگێرانە و ئاسووی روونە، لە کۆمەڵگادا گەشە بکات هەمووی ئەوانە بەمانای ئەو دەبێ کە رێگاچارەی کرێکاری و سوسیالیستی خەریکە دەخەملێ و هەل و مەرج بۆ بەدەسەلات گەیشتنی چینی کرێکار ئامادە دەبێ.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لەسەرتاسەری ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە هەل و مەرجێکی دژوار و پڕلە ڕەنج و ئازار کە بەسەریاندا سەپاوە، بەرەو پێش ئەڕۆن. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان زیندوە و کوردستان هەروا یەکێك لە ناوەندەکانی پڕجۆش و خرۆش و بەهێزی شۆڕشی داهاتووی ئێرانە.

زیاتر لە ٢٠ ساڵ خەباتی شۆڕشگێڕانە لەدژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەبوونی حیزبی سیاسی بەنفوزی جەماوەری، جێکەوتنی سیاسەتی ڕادیکال لە بوارەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی وەکوو خەباتی کرێکاران، ژنان و لاوان، لە ڕێگای چالاکیبەکانی کۆمەڵەوە، هەمووی ئەوانە هاوسەنگی هێزیان لە کوردستان لەچاو باقی شوێنەکانی ئێران، بەقازانجی بەرەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر گۆڕیوە.

ئەگەر هەل و مەرجێکی شۆڕشگێڕانە لەئاستی هەموو ئێران بێتە کایەوە، بزوتنەوەی ڕادیکال لە کوردستان کە کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی ووشیار هێزی بەرەو پێش بەری بن دەتوانێ لە بەهێزکردنی بەرەی خەباتی کرێکاری و سوسیالیستیدا، دەورێکی گەلێك گرێنگ ببینێ. هەر بۆیە کوردستان، چ بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و چ بۆ نەیارانی ئەو ڕژیمە، حەساسیەتێکی تایبەتی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەیە کە خاوەن بیران و بەرێوەبەرانی پروژەی ئیسلاحاتی بورژوایی، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان وەکوو کۆسپێك لەسەر ڕێگای خۆیان چاو لێدەکەن و بۆ لەباربردنی بەرنامەدارێژن. باڵەکانی ڕژیم و ڕیبەرانی ڕەوتی ئیسلاحات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەل و مەرجە تایبەتیەی کوردستان، لە ڕێك کەوتنێکی ڕانەگەیاندراو و بە کردەوەدا، لێرە ناکۆکیکانی خۆیان وەلا ناوە و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ کار دەکەن. ئەوان هەول دەدەن کە بەدیلی خۆیان بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ بزوتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستان و کونترۆلی ئەو بزوتنەوەیە لەناو خۆی کۆمەڵگای کوردستانەوە، ڕێك بخەن.

روناك بیرانی "کۆمەلگای مەدەنی ئیسلامی" کەوتونەتە خۆ و لەناو نوسراوەکانی خاوەن بیرانی بورژوا لیبرالی رۆژئاوادا لە هەولی دۆزینەوەی بناغەی فیکری بۆ بزوتنەوەی ئیسلاحات دان و دەست و پیوەندەکانی رژیم لەناوەوە و لە دەرەوەی ولات بە شوین کۆکردنەوەی هیزی پیویست بۆ بەریوەبردنی پروژەکەیاندا دەگەرین.

بورژوازی کرد لە جل و بەرگی نوینەرانی تازە پێگەیشتووی خۆیدا، وەکوو ئەندامانی کوردی پارلمانی ئیسلامی، بەریوەبەرانی ئەنیستیتوی کورد و ناوەندەکانی فەرهەنگی و هونەری دەس کردی رژیم، چاوەروانانی وەرگرتنی پلە و پایەی دەولەتی لە کوردستان، لە هەولی ئەوەدایە بەشی خۆی لە دەسەلاتی ئیداریدا بەدەست بینێ.

داشکاندنی ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، هەتا رادەی چەند داخوازێکی فەرهەنگی و چەند ریفورمێکی بەرتەسکی ئیداری، ئەوەیە ناوەرۆکی ئەو بەدیلەی کە لە بەرانبەر بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان و ئامانجەکانیدا پێشکەش بە جەماوەری خەڵکی دەکەن. لەراستیدا بەرهەمی پروژەی ئیسلاحاتی رژیم نەك پەرەپێدان بە دیموکراسی و دابین کردنی ئازادی زۆرتر بۆ خەڵك و کۆتایی هێنان بە هەلاواردن و نابەرابەری، بەڵکوو رێگا کردنەوەیە بۆ بەشداری سەرمایەداری کورد لە دەسەلاتدا.

لەچەند ساڵی رابردوودا پروژەی ئیسلاحاتی رژیم لەدەرەوەی ولات و لەناو بەشێك لە ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامیدا، لایەنگران و وتەبیژانێکی پەیدا کردوە. پەشیمان بونەوە لەوەی کە لەرابردوودا کردویانە، خۆدزینەوە لە دروشمی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی، رەت کردنەوەی تاکتێك و سیاسەتی شۆرشگێرانە، خوشباوەری و تەوەهوم بەوەی کە گۆیا لە رێگا دیالوگ و بەشێوەی ئاشتیخوازانە و هێمنانە دەکری ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان بەدیبێت، ئەوەش لە حالێك دا دەڵێن کە رژیم وەکوو هەمیشە زەمانێك غەیری زەمانی زەبروزەنگ و سەرکوت لەگەڵ نەیارانی خۆی بەکار ناهێنی، ئەوان بەشێك لە پیناسەی ئەو رەوتەن. بەڵام ئامانجی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، تەنیا فەرهەنگی و یان دامەزراندنی دەست و پەیوەندی کورد زمانی سەربەرژیم لە بەرێوەبەری ئیدارەکانی کوردستان دا نییە، بەڵکوو مەسەڵەی کورد، کێشەی ئەو زۆربەی هەر زۆری خەڵکەیە کە لەژێر خەتی هەژاریدا دەژین، ئەو بە سەدان هەزار کرێکارەیە کە ماڵ بە کۆل هەمو ساڵێ سەرتاسەری ئێران بۆ بەدەست هێنانی بژیویەکی مەمری و مەژی دنێنە ژێرپێ، کێشەی میلیونها کرێکاری بێکار، کێشەی بێ ئاسویی لاوان. کارەساتی ژیانی پیران و پەك کەوتوەکان، مەرگ و میری منالان و دایکانی دووگیان، دواکەوتو راگرتنی بە ئانقەستی کوردستان لە رووی ناوەندی بەرهەم هێنان و خزمەت گوزاریوە، کێشەی بلاو کردنەوەی مەوادی موخەدێر، مێلیتاریزە بوونی کوردستان. و دەیان گیر و گرفتی سیاسی و کۆمەلایەتی دیکەیە.

بەرێوە چوونی هیچ بەشێك لە ریفورمەکانی رژیم نەك هەر بەمانای چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی سەرەوە نییە، بەڵکوو بەمانای کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی کوردستان و پەرەگرتنی دیموکراسیش نەبۆە و نییە. خەبەرێك لەچاپەمەنی ئازاد و سەربەخۆ نییە، راودونان و هەرەشە و زیندانی کردن هەروا درێژەی هەیە. تەنانەت لە بورای فەرهەنگیش دا هونەر و فەرهەنگی پێشرەو بە توندی لە ژێر سانسور دایە. هەمو ئەو دەستکەوتانەی کە لەم بوارانەدا وەدەست هاتووە بەرهەمی خەباتی سەنگەر بە سەنگەر و قوربانی دانێکی زۆرن.

کۆمەڵە لەبەرانبەر هەموو ئەو پرۆژانەی ڕژیم و بورژوازی کورددا کە بە قیمەتی بەردەوام مانەوەی ستەم و چەوساندنەوە لەو کۆمەڵگایەدا بەڕێوە دەچن، کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز، بانگەواز دەکات کە دەست بدەنە خەباتێکی ووشیارانە بۆ پوچەڵ کردنەوەی، نەخشەکانی فریو کارانەی ڕژیم لە کوردستان.

پرۆژەکانی دارێژراو لە لایەن گەڵاڵە دارێژەرانی "کۆمەڵگای مەدەنی ئیسلامی" و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە لە بەرانبەر خەباتی ئاشکرای کرێکاران، ژنانی ستەم لێکراو و لاوانێك کە لە ژێر باری ئەو هەمووە سووکایەتی‌یەی کۆماری ئیسلامی پێیان دەکات سەریان بەرز کردۆتەوە، دەکەونە پەراوێزەوە و مەحکووم بە تێکشکانن. ئەمڕۆ ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری لە ئەوپەری نەخشەکانی بورژوازی‌یەوە، بەهیمەتی ڕێبەرانی کار و لێ هاتوو و جێگای متمانە، ڕێکخراوەی ژنان، کۆمەڵی فەرهەنگی و هونەری پێشرەو، سەربەخۆ لە دەست تێوەردانی ریفورم خۆازێك کە لە ڕوالەتی ڕژیمی ئیسلامی دەرازیننەوە، ڕێکخراوەی جۆراوجۆری پەیوەندی‌دار بەلاوان، هەمووی ئەوانە وردەوردە خەریکی ڕێکەوتن و خەملینن. لە بواری فەرهەنگی‌دا، لە ئەو پەری فەرهەنگی کورت بین و خۆ پارێزەوە کە خۆی لەگەڵ وەزعی مەوجووددا دەگونجینێ، وردە وردە هونەرێك خەریکە سەربەرز دەکاتەوە کە سەرچاوەکەی لە ڕەوتی پێشرەوی ناوکۆمەڵگای کوردستانەوە دەست پێ دەکات وچوارچێوەی نەتەوەیی تێپەر دەکات و زمانێکی نێو نەتەوەیی نۆ ناساندن و دەربرینی هەستی خۆی دەبێنێتەوە. ئەوەیە ئەو حەرەکەتە فەرهەنگی‌یەی کە کۆمەڵە پشتیوانی لێدەکات و تێ دەکوشێ بەهیزی کات.

خەباتی شۆڕشگێرانە لە کوردستان دەتوانێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بکات لەوەی کە پاشەکشەی زۆرتر بکات و کەش و هەوایەکی سیاسی کراوەتری بە سەردا بسەپێنێ. هەمووی ئەوانە وەڵامی شۆڕشگێرانە بە پرۆژەی ئیسلاحاتی ڕژیم لە کوردستانن. کۆمەڵە، هەڵسووراوانی کرێکاری، خەبات کارانی سوسیالیست کەسایەتی‌یەکانی جێگای متمانەی جەماوەر، کە ڕوحی ئەم هەل و مەرجە نوێیەیانە دەرك کردوە و دەزانن لەوەها وەزعێك دا چلون کاری خۆیان لە خەباتێکی ئاشکراو بەرەورووددا، بەرنەپێش، بانگەواز کات کە حەرەکەت گەلێکی ڕەسەنی لەم چەشنە بخەنە ڕێ.

| | |
|---|---|
| Filename: | P7 |
| Directory: | D:\PESH147 |
| Template: | C:\Program Files\Microsoft Office\Templates\ANormal.dot |
| Title: | Are You suprised ? |
| Subject: | Birthday |
| Author: | LSK |
| Keywords: | Birthday |
| Comments: | Shankar's Birthday falls on 25th July. Don't Forget to wish him |
| Creation Date: | 08 :310م/0208 |
| Change Number: | ٣٠١ |
| Last Saved On: | 01 4:01ص/0209 |
| Last Saved By: | HoDab |
| Total Editing Time: | ٢٧٣ Minutes |
| Last Printed On: | 01 4:01ص/0209 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | ٨ |
| Number of Words: | ٢،٥٣٢ (approx.) |
| Number of Characters: | ١٤،٤٣٣ (approx.) |